### سامی سەعید دزەیی ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان تایبەت بە گوڵان:



# وەرزشی کوردستان فەوزایە و هاوڕێیەتی و برادەرایەتی زۆر تێدایە گەر واش بڕوات هەتا ملان زەرەرمەند دەبین

***پێش چەند هەفتەیەك شاندێکی بەرزی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان بە داوەتێکی فەرمی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی ئاسیا سەردانی وڵاتی کوێتیان کرد و چەندین دیدار و کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی ئاسیا ئەنجامدا و باس لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا کرا ئێمە لە فایلی وەرزشی گوڵان و بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەو گەشتە بە باشمانزانی سەردانی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان بکەین و ئەم دیدارەمان لەگەڵ بەرێز سامی سەعید دزەیی ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان و کە ئەندامی شاندەکە بوو سازدا.***

دیمانە: فایلی وەرزشی

*** سەردانتان بۆ وڵاتی کوێت چۆن بوو؟**

- بیرۆکەی ئەو سەردانمان لە سەرەتاوە لە لای مەلا بەختیارەوە بوو دوای ئەوەی لە وڵاتی ئیمارات چاوی بە شێخ ئەحمەد فەهد کەوتبوو و پێی گۆتبوو ئێمە وەکو وەرزشـــوانانی کورد حەز دەکەین ســـەردانت بکەین وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی ئاسیوی، ئیتر ئەو ڕەزامەندی خۆی نیشـــاندا و سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراقیش بەشـــار مستەفا لە کۆبوونەوەی لیژنەکانی ئاسیا چاوی پێکەوت و هەروەها دکتۆر ســـەرهنگیش لە وڵاتی مەکاو چاوی پێ کەوتبوو و باســـیان لەسەر وەرزشی کوردستان کرد، ئەوە بوو و بە فەرمی داوەتنامەمان بۆ هات و ئێمەش شاندێکمان پێك هینا و سەردانەکەمان ئەنجامدا.

*** تا چەند لە سەردانەکەتان سەرکەوتوو بوون؟**

- بەڕاستی سەردانێکی زۆر سەرکەوتوو بوو باسی تێگەیشتنی ئۆڵۆمپیمان کرد بە یەکەوە تاوتۆمان کرد، بڕواشـــم وایە شـــتێکی باشـــی لێ بە دی دەکرێ و شیخ ئەحمەد فەهدیش پشتیوانی و هاوکاری تەواوی خۆی بۆ ئێمە نیشاندا، وەکو سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپـــی کوێتیش بە هەمان شـــێوە هـــاوکاری خۆی بۆ دام و دەزگا و وەرزشـــوانانی کوردستان نیشـــاندا، بەڵام وەکو لیژنەی ئۆڵۆمپی ئاسیا ماوە لەســـەر یاسایی عێراق و دەستوورەکەی کە بـــە فەرمی ببێتە وڵاتێکی فیدڕاڵـــی ئێمەش وەکو ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپـــی کوردســـتان کارەکانمان زۆر بە ڕێـــك و پێکی ئەنجام دەدەین، دواتر داواشی لێکردین سەردانی وڵاتانی کەنداو و عەرەبی و ئاســـیا بکەین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بمان ناســـن و ئاگاداری چالاکیەکانمان بن، لە هەمان کاتیشـــدا پێمان گوت بەشی زۆری

یانەکانی ئێمە لە پاڵەوانیەتیەکانی ئاسیا و عەرەب بەشداری دەکەن و بەشـــی زۆری یاریزانەکانمان لـــە هەڵبژاردەکانی عێراق یاری دەکەن،بەڕاســـتی ســـەرکەوتووبووبین و مەلا بەختیاریش لە سەرەتا بە تەواوی باســـی بارودۆخی سیاسی و وەرزشی کوردستانی بۆ کردن کە ئەوانیش زانیارییەکی باشـــیان لەسەر کوردستان هەبوو، بەڵام مەلا بەختیار زانیارییەکانـــی زیاتر دەوڵەمەند کرد، ئەوەش ماوە بڵێـــم هەر ئۆردوگایەك و یان هەر خولێـــك و پاڵەوانیەتیەك لە کوێت هەبێ، ئێمە وەکو هەڵبژاردەیەکی کوردســـتان بەشداری دەکەین بەڕاســـتی ئەمە هەنگاوی یەکەمە و دەتوانین بڵێین کوێت دەرگایەکە بۆ ئێمە کە بە جیهانمان بناســـێنێت لە بواری وەرزشی ئاسیا.

*** مانای ئەوەیە کە بەڵێنی باشیان پێداون؟**

- بە تەئکید بەڵێنەکان زۆر بە سوود و باشە، بەڵام لەسەر یاسا و دەســـتووری عێراق ماوە و پێی راگەیاندین و دەبێ هەوڵ بدەین لە نێو پەرلەمان تەئکید لەســـەر دەســـەڵاتی وەرزشی بکرێ وەکو دەســـەڵاتی دارایی و کۆمەڵایەتی و رۆشـــنبیری و کارگێڕی و دەبێ لە پەرلەمان وەرزش وەکو ئەوانەی دیکە بڕیاری لەسەر بدرێ وەکو بڵێین دەبێتە دروست بوونی کیانێك بۆ وەرزش.

*** باسی ئاڵو گۆڕی وەرزشـــتیان لە نێوان کوردستان و کوێت کرد و وەڵامیان چی بوو؟**

- وەکو ســـەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوێتی زۆر بە راشکاوی باسی لەوە کرد و پشتیوانی لێکردین، هەر شاندێك بیەوێ سەردانی کوێت بکات ئێمە ئاسانکاری بۆ دەکەین و رەوانەیان دەکەین و هەر شـــاندێکیش لە کوێت دەیەوێ بێت بۆ کوردستان بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی لێدەکەن و بەشداری لە خولەکانی مەشق و راهێنان دەکەن و پێشوازیش لە پسپۆڕان و کادیران وانیش دەکەین کە سەرپەرشتی خول و راهێنان بکەن لە کوردستان.

مەلا بەختیاریش بەشـــێوەیەکی فەرمی داوەتی شـــێخ ئەحمەد فەهدی کرد کە سەردانی کوردستان بکات و ئەویش بە خۆشحاڵیەوە قەبووڵـــی کرد و بەهیوایەن کە یەکەم رۆژی نەورۆز ســـەردانمان بکات وەکو میوانێکی ئازیز.

*** گلەیـــی و گازاندە لەو شـــاندە کرا کە ئافرەتـــان لەگەڵدا نەبوو؟**

- بەڕاستی شـــاندەکە زۆر کەسی تێدابوو و ئافرەتیش لەگەڵدا بوو ئیدی کە دکتۆر ســـەرهەنگ ئیمیڵی بۆ کردن و ئەوانیش لە وەڵامدا گوتیان ئەو ژمارە زۆرە حەز دەکەین کە ژمارەی شاندەکە کەم بکەنەوە ئێمە لەسەر داوای وان وامان لێکرد.

*** دوای ئەوەی پەیوەندیتان بە ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی ئاســـیا کـــرد بە نیاز نین پەیوەندیتان فرەوانتـــر بێ وپەیوەندی بە لیژنەی ئۆڵۆمپی نێودەوڵەتی بکەن؟**

- لە ســـەرمانە پەیوەنـــدی بە هەموو لایـــەك بکەین، ئەوەش دەگەڕێتەوە ســـەر ئەســـتۆی خۆمـــان و ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان دەبێ ئەم هەنگاوانە بهاوێژێت، بە تەئکید دەبێ سەردانی لیژنـــەی ئۆڵۆمپی نێودەوڵەتـــی بکەین و ســـەردانی لیژنەکانی ئۆڵۆمپی کەنداوی عەرەبی بکەین ئەوەش پێویســـتی بە هاوکاری هەیە دەبێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتیمان لێ بکات و بودجەیەکمان بۆ تەرخان بکات تا ئێمەش بتوانین سەردانیان بکەین و خۆمانیان پێ بناسێنین.

*** روون و ئاشـــکرایە ئێســـتا گەمارۆیەك لەسەر عێراق هەیە بەهۆی نالەباری ئەمن و ئاســـایش، دەکرێ بزانین چ هەوڵێکتان داوە کە چالاکیە وەرزشـــیەکانی نێودەوڵەتی و عەرەبی و ئاســـیا بهێننە کوردستان؟**

- سەبارەت بە چالاکی ئاسیا من گفتوگۆم لەگەڵدا کرد دوای ئەوەی کە مۆڵەتم لە مـــەلا بەختیار وەرگرت، پێم گوت کە ئێمە دوو یانەمـــان هەیە کە بەشـــداری لە پاڵەوانیەتی ئاســـیا دەکات یانەی هەولێر لە تۆپی پێ و یانەی ســـلێمانیش لە تۆپی دەست، هەردووکیان نوێنەری عێراقن لە پاڵەوانیەتی ئاسیا گومانیش لەوەدا نییە کـــە یاری چوون لە دەرەوەی عێـــراق دەبێت، بەڵام دەبێ جەنابت هەوڵێکمان بۆ بدەی یارییەکانی هاتن لە کوردستان بێت و تا جەماوەری وەرزشی و خەڵکی کوردستان لە بینینی ئەو یارییانە بـــێ بەش نەبن و ئێمە یاریگای بـــاش و هۆڵی داخراوی رێك و پێکمان هەیە و هۆتێلی زۆر پێشکەوتوومان هەیە سەرەڕای ئەوەش ئەمن و ئاسایشـــەکی بەهێزمان هەیە، شێخ ئەحمەد فەهدیش پێی راگەیاندین کە ســـەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا محەمەد بن هەمام ســـەردانی کوێت دەکات ئەویش سێ هەفتە دوای جەژن و بە بەڕێوەبەری گشـــتی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی ئاسیای گۆت کە چ کاتێـــك محەمەد بن هەمام هاتە کوێت ئیمێلەکیان بۆ بکەن با شاندێکیان بێتە کوێت، من و محەمەد بن هەمام و شاندی کوردستان بەیەکەوە باس لەو شتە دەکەین، بۆیە من وەکو ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردســـتان پێم باشـــە ئەوانەی لەو کارەن ئەوان ســـەردانی کوێت بکەن بۆ ئەم کارە لەوانە دکتۆر عەبدوڵڵا مەجید سەرۆکی یانەی هەولێر و حوسێن سەعید سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق کە دەبێتە پاڵپشـــتێکی بەهێز بۆ ئێمە و سەفین کانەبیش وەکو سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ کوردستان .

***ســـەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی ئاســـیا کە شیخ تەڵالە کە دەکاتە برای شـــیخ ئەحمەد فەهد دەرباری یانەی ســـلێمانی چی گۆت؟**

- بەڕاســـتی تەنیا باسی تۆپی پێی بۆ ئێمە کرد و وا دیار بوو دەست تێوەردان لە یەکێتیە وەرزشیەکان ناکات و چاوەڕوانی بڕیاری ئەو کەســـانە دەکات کە سەرپەرشتی ئەو چالاکییە دەکەن و ئینجا ئەویش قسەی لەسەر دەکات.

*** پێش چەند رۆژێـــك کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیتان بەســـت وا باشـــتر نەبوو ســـەرۆکی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردســـتان ئامادەبووایە؟**

- خودی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان سەر قاڵی هەندێ کاری سیاســـیە و بەخۆی بە تەلەفۆن پەیوەندی بە ئێمە کرد کە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ببەستین و بە تێروتەسەلی باس لە بەڵێنانەی کە پێمان دراوە بە جەماوەری کوردســـتان رابگەیێنین ئێمەش لەســـەر پێشـــنیاری بەڕێزیان کۆنگرەکەمان سازدا کە لە بارەگای ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردســـتان بوو کە تیاییدا شێردل تەحسین و دکتۆر سەرهەنگ ئامادە بوون کە هەردووکیان ئەندامی شـــاندەکە بوون، ئاواتمان ئەوە بوو کە گشت دەزگاکانی راگەیاندن ئامادەبوان.

*** ئایا دەکرێ بزانین ئێســـتا هیچ گیروگرفت لە ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان نەماوە؟**

- حالی حـــازر هیـــچ گیروگرفتمان نییە وەکـــو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ســـەرۆکی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان تەنیا ئەوە نەبێت کە تا ئێســـتا بودجـــەی تایبەت بە خۆمان نییە و یاســـاکەمان بڕیاری لەســـەر نەدراوە و پەسند نەکراوە کە ئەمە کێشـــەیەکی گەورەیە و ئێمە وەکو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی کارەکانمـــان بە رێك و پێکی بەڕێوە دەبەین و یەکێتیەکانیش رۆژانە سەردانمان دەکەن.



*** دەتوانی مژدە بە جەماوەری وەرزشی بەدی کە جارێکی دیکە چالاکیەکان ناوەستێت؟**

- بەڕاستی ناتوانم ئەو بەڵێنە بدەمە جەماوەر، چونکە هەر کاتێ پارەمان نەدرێتی کێشەمان بۆ دروست دەبێت ئاواتمان ئەوەیە بتوانین چالاکیەکان بەرێوە ببەین و دڵی جەماوەری وەرزشی خۆمان رازی بکەین و وەرزش بەروە پێشەوە ببەین.

*** زۆر بوونی ئەو یانە وەرزشیانە کێشەتان بۆ دروست ناکات؟**

- بەڕاستی زۆر بوونی ئەو یانە وەرزشیانە سەرەتانەو یانەیەکی یەکجار زۆرمان هەیە کە بوویتە گەورەترین کێشە، پێش ئەوەی ئێوە سەردانم بکەن لەگەڵ هەردوو یەکێتی باسکە و باڵە باسی بودجەمان دەکرد تاکو دەست بە چالاکییەکانیان بکەن، زۆربوونی یانەکان گەورترین کێشەیە بۆ وەرزشی کوردستان، ئەوەی پێی وایە زۆربوونی یانە پێشکەوتنی وەرزشە بەڕاستی ئەوانە زۆر هەڵەنە و هەڵەیەکی گەورەیە یانەمان هەیە بارەگای لە دوکانێکە یان لە شوقەیە و هەشن بارەگاشیان نییە یانەش هەیە دەستەی کارگێڕی رۆشنبیر نینە، بەهەر حاڵ یانەیەکی یەکجار زۆر هەیە، وەزارەتی وەرزش و لاوان پێویستە هاوکاریان بکات دەبێ بە پێی رێنماییەك پرۆژەیەك دابنی بۆ کەمکردنەوەی ئەو یانانە.

*** باشە بۆ یانەکان کەم ناکەنەوە؟**

- ئەوانە سەر بە وەزارەتی وەرزش و لاوانن، بەڕاستی وەزارەتی وەرزش و لاوان وەکو پێویست نەیتوانیوە هاوکاری یانە وەرزشیەکان بکات، دەبێ ئەوەش بزانین ئەوانیش کێشەو گرفتیان هەیە دەڵێن پارەیەکی زۆرمان دەوێت و داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەڵام حکومەت پارەمان بۆ سەرف ناکات، ئێستا خەڵك باس لەوە دەکات فلان یانە ئەوەندە پارەی وەرگرتووە نازانین ئەو پارەیەلەسەر چ بنەمایەك وەردەگیرێ .

*** وەکو ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان چ یاریگا و هۆڵی داخراوتان دروست کردووە؟**

- دروستکردنی هۆڵ و یاریگا کاری وەزارەتی وەرزش و لاوانە، دەبێ یاریگایەکی نێودەوڵەتیمان هەبێت و هۆڵێکی داخراوی نێودەوڵەتی هاوچەرخیشمان هەبێت.

*** هیچ هەوڵتان داوە؟**

- نەخێر هەوڵمان نەداوە چونکە بودجەمان نییە دەبوایە وەزارەت غەمێکی لەوە بخواردبایە و چەند یاریگایەك و هۆڵی داخراوی دروست بکردبایە، ئەوە ئاواتمانە و داواش دەکەین یاریگایەکمان هەبێت تایبەت بە ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان لەگەڵ هۆڵێکی داخراو.

*** قسە و باس لەوە دەکرێ کە وەزارەتی وەرزش و لاوان هاوکاری تەواوی ئێوە ناکات حەز دەکەین بەراشکاوی پێمان بڵێت تا چەند وەزارەت هاوکارە لەگەڵ ئێوە؟**

- من لە کاری وەزارەت دوورەم و حەزیش ناکام بچمە نێو کارەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئێمە دوو دەزگای یەك تەواوکەری یەکترین هەر کارێکمان لای وەزارەت هەبێ ئاسانکاریمان بۆ کراوە ئەوانیش هەر کارێکیان لای ئێمە هەبێ بۆیان جێبەجێ دەکەین دکتۆر ئالان قادر نوێنەری ئێمەیە لە وەزارەت و کاك نەوزاد شێخ تەیب نوێنەری وەزارەتە لای ئێمە، ئێمە هاوکاری تەواوی یەکتری دەکەین هەر دوو لا پێکەوە هەوڵ دەدەین خزمەتی وەرزش بکەین، منیش وەکو ئێوە لە رۆژنامەکان دەخوێنمەوە کە وەزارەت وەکو پێویست بەکاری خۆی هەڵنەستاوە دیارە جەنابی وەزیر بیرێکی تایبەتی خۆی هەیە کە لە وانیە ئێستا نەتوانی کاری پێبکات، بەڵام دوای ١٠ساڵی دیکە سوودی لێوەردەگیرێ!!!.

***پێش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیداری وەرزشی کوردستان، ئەنجوومەنی باڵای وەرزش مووچەی رێزلێنانی بۆ وەرزشوانە دێرینەکان دابین کرد، بەڵام ئێستا ئەوەی وەرزشوانە موچەی لێ براوە بە بیانۆی ئەوەی کە موچەی دیکەی هەیە زۆریش وەرزشوان نین کە ئەم موچەیە وەردەگرن ئێوە وەکو ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان هیچ هەوڵتان نەداوە چاوپێخشاندێك بەو مووچە بکرێتەوە؟**

- ئێمە بە فەرمی نووسراوێکمان ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە و بەراشکاوی پێمان گوتن وەکو ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری ئەو مووچەیە نین کە ئێستا دابەش دەکرێ بەڕاستی کێشەیەکی زۆری تێدایە ئەوەیش بۆ سەرەتا دەگەڕێتەوە کە ئەو ناوانەیان نووسیوە، بەڕاستی ئێستا ئەوەی وەرزشوانە مووچەی نییە و ئەوەی وەرزشوانیش نییە مووچەی وەردەگری دەبوایە لێژنیەك درووست بکرابایە لە ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان و وەزارەتی وەرزش و لاوان و ئەنجوومەنی وەزیران و لە وەزارتی دارایی بە تێروتەسەلی و بە جوانی رێك بخرابایە، بەڕاستی حاجی ئەحمەد وەکو سەرۆکی وەرزشوانە دێرینەکانی کوردستان پیاوێکی خاوێنە و دەستی پاکە، بەڵام پیاوێکە ناتوانی بە خەڵك بڵێت نەخێر دەبێ توند بێ و ئازا بێت لە بڕیار دان، پێش ئەوەی ئەو مووچەیە دابەش بکەن گلیەکی زۆریان لێکراوە کە هیچ رێنمایەك نییە کە چۆن ئەوانە مووچە وەردەگرن ئەوانە چێن کە ئەو مووچەیە وەردەگرن، بەڕاستی ئێستا یاریزان هەیە لە هەڵبژاردەی عێراق یاری کردووە ویان هەیە لە هەڵبژاردەی هەولێر یارییان کردووە و یان لە شارەکانی دیکە یارییان کردووە و یان هەیە تەنیا بەس چەپڵەی لێدایە، باشە تۆ مووچە دەدەیە بە کێ و چۆن رێزبەندیان کردووە و کێ کردوویەتی، ئێمە وەکو ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان ئاگاداری ناوەڕۆکی ئەم کارە نینە و پەیوەندیمان پێوە نییە و گەر پرسمان پێ بکەن ئێمە زۆر بە ئاسانی دەتوانین چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین.

*** پەیوەندیتان لەگەڵ لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق چۆنە؟**

- لە خوا بە زیاد بێت زۆر باشە هاوڕێ و دۆستی یەکین و ڕێکەوتنێك لە نێوانمان هەیە و ڕۆژانەش پەیوەندی بە یەکەوە دەکەین و بەم زووانەش کۆبوونەوەیەك لە نێوانمان هەیە لە هەولێر و یان لە سلێمانی دەبێت و باس لەو سەفەرەی کوێتیش دەکەین و هاوکاری یەکترینە و لە خوای بە زیاد بێ گەر لێمان تێك نەدەن حاڵمان زۆر باشە.

*** زۆربەی هەر زۆری یاریزانەکان کە بەشداری لەگەڵ هەڵبژاردەکانی عێراق دەکەن کە دەگەڕێنەوە کوردستان گلەیی لەوە دەکەن کە جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ یاریزانەکانی دیکە دەکرێ و دژایەتی و بایەخیان پێی نادرێ؟**

- من بەراشکاوی پێت دەڵێم لەوانەیە یاریزانێکە کە رکابەری یەکترن و دەیەوێ جێگای بگرێتەوە، بەڵام وەکو بەرپرسانی وەرزشی بەغدا بڕوا بکە هیچ جیاوازیەك لە نێوان یاریزانەکان ناکەن، بەڕاستی گەر باس لە یارییەکانی عەرەبی قاهیرە دەکەن، با پێتان بڵێم پارە و پوولەکە لەسەر وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراقە.

*** ساڵی ٢٠٠٨ ئۆڵۆمپیاد دەست پێ دەکات کە شاندێکی عێراق دەچێتە دەرەوە بۆ چی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان لەگەڵیان بەشدار نابێت؟**

- ئێمە لەگەڵیان ڕێککەوتین هەر هەڵبژاردەیەکی عێراقی سەفەر بکات و بەشداری لە هەر پاڵەوانیەتیەك بکات دەبێ یەك لەو ئەندامانە لە ئێمە بێت و شارەزای لەو یارییەش هەبێت، مامۆستا سەلاح حەسەن خەسرەو کە نوێنەری ئێمە بوو لە قاهیرە کە گەرایەوە زۆر سوپاسی سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراقی کرد و گوتی: بەڕاستی ڕێزیان لێگرتم و شوێنێکی باشیان بۆ دانام و بڕوا بکە بەناوی ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان خەڵاتیشی دابەشکرد.

*** کاتێك شاندی یانەکانی کوردستان کە سەردانی دەرەوە دەکەن بۆ سەرۆك شاند و ڕاگەیاندن لە بەغدا دەبێت بۆ لە کوردستان نەبێت بۆ نموونە یانەی دهۆك کە بەشداری لە پاڵەوانیەتی عەرەبی کرد لە تۆپی باسکە سەرۆك شاندەکە و ڕاگەیاندنەکە لە بەغدا بوو؟**

- پاڵەوانیەتی باسکە کە یانەی دهۆك بەشداریکرد خۆم سەرۆکی شاندەکە بووم و حوسێن عەمیدی وەکو یەکێتی عەرەبی هاتبوو و لەگەڵ یانەی سلێمانی کچان من سەرۆك شاندەکە بووم و لەگەڵ یانەی ئەکاد کە سەفەری لوبنانی کرد خالید ڕەسول سەرۆکی شاندەکە بوو و سەبارەت بە ڕاگەیاندنیش ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە من لەگەڵ دەستەی نوێ دانیشتم پێم ووتن ڕاگەیاندن لە بەغدا پەیوەندی بە لیژنەی ئۆڵۆمپییەوە نییە و سەندیکایەکی تایبەتی خۆی هەیە، گەر هەر هەڵبژاردەیەك بەشداری هەر خولێك دەکات لیژنەی ئۆڵۆمپی بە نووسراو ئاگاداری ئەو سەندیکایە دەکاتەوە ئەوانیش لە لای خۆیانەوە پاڵێوراو دەنێرن، بەو برادەرانەم گوت دەبێ پەیوەندیتان لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی بەغدا باش بکەن.

*** باشە ئێوە وەکو ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان ناتوانن لەسەر بودجەی خۆتان لەگەڵ هەر شاندێك ڕۆژنامەنوسێك بنێرن؟**

- گەر شاندی کوردستان بێت و پەیوەندی بەو دەستەیە دەکەین لەگەڵ شاندەکە ڕەوانەیان دەکەین ئینجا یەك یان دوو کەس بێت.



*** دەکرێ بزانین کێشەی یانەکانی کوردستان لەبەر نەبوونی بودجە چی بەسەر هات؟**

- زۆربەی هەرە زۆری یانەکان کێشەی پارەیان هەیە کێشەی پارە زۆرە بەڕاستی حکومەتیش هاوکاری کردوون، بەڵام وەزارەت و یانەکان پلانیان نییە و پێویستە ئەو پارەی هەیانە بەشێوەیەکی ڕێکو پێك دابەش بکەن، بەڕاستی یانەکان زۆرن پارەیەکی زۆریشی دەوێ و داوا لە وەزارەتی وەرزش و لاوان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم زۆر بە پەلە چاوپێخشاندێك لەو یانە وەرزشیانە بکەنەوە کە ژمارەیان یەکجار زۆرە بۆ ئەوەی بتوانین ئێمەش کارەکانمان ئەنجام بدەین و بەشداری لە چالاکیەکانی ئێمە دەکات و لە دەرگای ئێمەش دەدا بۆ پارە، لەو چەند ڕۆژە هەواڵێکم بۆ هاتووە کە وەزارەت نووسراوێکی کردووە ( ٦٠) ملیۆن دیناری بۆ یانەیەك سەرفکردووە کە بەشداری لە خولی کوردستان بکات، باشە چۆن ئەو پارەت دا بەو یانەیە و چۆن زانی ئەمە لە خولی نایاب یاری دەکات و پرست بەو یەکێتیە وەرزشیە کردووە کە ئەو یانەیە سەر بەوانە ئایا پرست بە ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان کردووە بەڕاستی وەرزشی کوردستان فەوزایە پەیوەندی کەسایەتی لە وەرزش ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینی و هاوڕێیەتی و برادەرایەتی زۆر تێدایە گەر واش بڕوات هەتا ملان زەرەرمەند دەبین و دوژمنانیش پێیان خۆشە ئێمە بەم شێوەیە بین و تەبا نەبین لەگەڵ یەکتر بەڕاستی خەڵکی شیاو لە شوێنی شیاو نییە و خەڵك هەیە لە دەرەوەیە و وەرزشوانترە، بەڵام نەهاتووتە پێش بەڕاستی حەزمان دەکرد هەڵبژاردەن بووایە بە هەر حاڵ کێشە و گرفت زۆرە و کاتی دەوێ بۆ چارەسەرکردنی.

*** چۆن دەڕوانیتە دەستکەوتەکانی ساڵی (٢٠٠٧)ی کوردستان؟**

- بەڕاستی ساڵی (٢٠٠٧) سەبارەت بە ئەنجوومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان زۆر خۆش بوو، چونکە وەرزشی کوردستان یەکیگرتەوە ئەمەش دەستکەوتێکی مەزن بوو و هیوادارم ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٧) هاتووە بیپارێزین و ئەو شکستانەی ساڵی (٢٠٠٧) هاتووە ببێتە دەستکەوت و هیوادارم ساڵی (٢٠٠٨) ساڵێکی پڕ خۆشی و شادی بێت و پیرۆزبایش لە گشت وەرزشوانانی کوردستان و عێراق دەکەم.






## ئایا گەورە و بچووک یانەکانیان جێدەهێڵن؟

ئێســـتاش باس لەوە دەکرێ کە کریســـتیانۆ رۆناڵدۆ لە وەرزی داهاتوو دەچێتە یانەی ریال مەدرید رۆژنامەی ئاسی ئیسپانی ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە و دەڵێ ســـەرچاوەیەك لە یانەی ریال مەدرید پێ راگەیاندین کە لە وەرزی داهاتوو پورتوگالی رۆناڵدۆ یاریزانی یانەی مانچستەر یۆنایتدی ئینگلیزی دەبێتە یاریزانی هێرشبەری یەکەمی یانەکەمان و بڕی ( ٧٠ ) ملیۆن یۆرۆمان بۆ تەرخانکردووە رۆژنامەکە لەســـەر زاری بەرپرسی یانەی ریال مەدرید زیاتر دەڵێ ســـەرەڕای ئەوەی کە بۆندەکەی تا ســـاڵی ٢٠١٢ لەگەڵ یانەی مانچســـتەر یۆنایتد نوێکردۆتەوە رۆناڵدۆ حەز دەکا لە یانەی ریال مەدریـــد یاری بکات، هەروەها تەئکیدی لەوەش کردەوە کە رۆناڵدۆ یانەی مانچســـتەر یۆنایتدی زۆر خۆش دەوێ و خۆشحاڵە لەگەڵ دەستەی کارگێڕی و جەماوەرکەشی کە رێزێکی تایبەتی لێدەگرن، لـــە لایەکی دیکەوە رۆناڵدۆی گـــەورە لە یانەی میلان زۆر بێزارە و پەشیمانیشـــە کە یانەی ریال مەدریدی بە جێ هێشتووە رۆناڵدۆ دەڵێ زۆر بێزار و نیگەرانم، چونکە بەو شـــێوە خۆم بە بەردەوامی لەسەر کورسی یەدەگ دەبینم و ئێستا بیر لە یانەیەك دەکەمەوە کە توانای خۆم تیایدا نمایش بکەم، ئەمەو ئێســـتا یانەی فلامینگۆ کەوتۆتە سەر هێڵ بۆ هێنانی رۆناڵدۆ تا بتوانێ لە دوا ساتەکانی ژیانی تۆپی پێی لە بەرازیل بباتە ســـەر، رۆناڵدۆش تا ئێستا لەم هەواڵە بێدەنگـــە هیچ وەڵامی نییە، لە لایەکـــی دیکەوە بێکهام تەئکیدی لەوە کردەوە کە رۆناڵدۆ ئەمجارەیان رێگەی من دەگەرێتە بەر و روو لە ئەمەریکا دەکات و لەتەك من یاری دەکات.

## یانەی هەولێر راهێنەر عادل عەبدولقادر دەر دەکات

پێش چەند رۆژێك یانەی وەرزشی هەولێر بە بڕیارێك راهێنەری یانەی هەولێر تیپی کوردستان عادل عەبدولقادری بەرێکرد و ئێمەش بەباشمانزانی بۆ زانینی راست و دروستی ئەم هەواڵە پەیوەندیمان بە بەڕێز مەحمود عەزیز سەرپەرشـــتیاری یانەی هەولێر کەوت ئەویش گوتی:

ئێمە وەکو دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بە باشمانزانی دەستبەرداری ئەو راهێنەرە بین لەبەر ئەوەی سەرەتا داوامان لێکرد کە تیپێکی لاومان بۆ پێکبهێنێ، بەڵام وەك خۆی دەڵێ من راهێنەرێکی پیشەگرم و یاریزانی تەواوم دەوێ لەو ماوەی دوایشدا بەبێ هۆ ماوەی یەك هەفتە تیپەکەی بەجێهێشت بەڕاستی نەیتوانـــی هیچ گۆرانکاریەکی بنەڕەتی لـــە تیپەکە بکات وامان بەباش زانی دەســـتبەرداری بین ســـەبارەت بە راهێنەری داهاتوو بەرێزیان گوتی: راهێنەران ســـروود غازی و ئەبووبەکر ئەنوەر ئەو کارە لە ئەستۆی خۆیان دەگرن و جەودەت سلێمانیش وەکو راهێنەری گۆڵچییان کارەکانیان بەرێوە دەبەن هەروەها بڕیارمانداوە پشـــت بە راهێنەرانی خۆمان ببەستین.



## شـــاراپۆڤـــا :


## گەندەڵی و دەرمانی وزە بەخش لە یاری ئێمە نییە

کچە شۆخ و شـــەنگی رووسی تەمەن ٢٠ ســـاڵی ماریا شاراپۆڤا لە لێدوانێکیدا گوتی: پاکترین وەرزش لە جیهان تێنسی ســـەر زەویە بە گشـــتی و ئافرەتانیش بە تایبەتی، شاراپۆڤا کە لە پلەی پێنجەمین دێت لە جیهان زیاتر گوتی: لە یاری ئێمە گەندەڵـــی و یان یاریکـــردن بە ئەنجامی پاڵەوانیەتیـــەکان و یـــان بەکارهێنانی دەرمانی وزە بەخشـــی قەدەغەکراو تێدا نییە و تا ئێستا چ رووی نەداوە وەکو یارییەکانی دیکە کە پڕیەتی لەو شـــێوە گەندەڵییە، شاراپۆڤا سەبارەت بە دابەزینی ئاستی گوتی: من سێ جار تووشی پێکان بوویمە و ماوەیەك دوورکەوتمەوە، بەڵام بەڵێن بە جەماوەری خۆم دەدەم کە ساڵی ٢٠٠٨ دەگەرێمەوە ئاستی راستەقینەی خۆم و پێشەنگی جیهان دەگرمەوە.



## ئوسامە نوری ڕاهێنەری یانەی کەرکووک

# خولی عێراق کۆمەڵێک یاریزانی ئەستێرەی بەناوبانگی تێدایە و ڕاگەیاندنەکان زیاتر گرنگی پێدەدەن لە خولی کوردستان



دیمانە: کارزان کانەبی

***یاریزانی نێودەوڵەتی عێراق و خاوەنی چەندین نازناوە و چەندین بڕوانامەی هەیە لەسەر ئاستی عێراق و ئاسیا ئێمەش بە باشمانزانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز بکەین.***

*** چۆن خۆتان ئامادەکردوە بۆ خولی کوردستان و عێراق؟**

- لە ڕاستی بەشێوەیەکی باش خۆمان ئامادەکردووە و پێك هاتەیەکی جێگرمان هەیە و لە خولی کوردستان زۆر باشین لە چاو خولی عێراق.

*** بۆچی لە خولی کوردستان باشترن نەك لە خولی نایابی عێراق؟**

- ئێمە لە ڕاستی بۆ خولی عێراق درەنگ خۆمان ئامادەکردووە چەند یاریزانێکمان هێنا لە بەغدا و پشکنینی پزیشکی و تاقیمان کردنەوە و خولی عێراقیش بەهێزە، چونکە یانەکان بەگشتی بەهێزن و لە یارییەکانیش باش یاریمان کردوە بەرامبەر یانەکانی دهۆك و پێرس.

*** بۆ چی چەند یاریزانێکی بەغداتان هێناوە بۆ ڕیزی یانەکەتان؟**

- لە ڕاستی بۆ خولی عێراق ئەم یاریزانانەمان هێناوە ئەگەر نا زۆربەی یاریزانەکان خەلکی کەرکوکن کە لە هەردوو خولی عێراق و کوردستان یاری دەکەن.

*** بۆ چی زۆر جار لە یانەیەك بۆ یانەیێکی تر دەڕۆیت؟**

- من ڕاهێنەرێکی بەناوبانگم من ٤ ساڵ لە سلێمانی بووم ئێستاش لە کەرکووم ڕاهێنەریش هەر ماوەیەك و لە یانەیەکە.

*** ئاواتت چییە لەگەڵ یانەی کەرکووك؟**

- پەنا بەخوا ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکەین لە هەردوو خولی کوردستان و عێراق.

*** بۆ چی یانەی پێشمەرگەت جێهێشت؟**

- یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یانەیەکی بەهێزە و زۆر بە ئیمکانیتە، یانەی کەرکوویش یانەیەکی بەهێزە ئاستی باشە، بەڵام ڕاهێنەر بە ئەنجام بەستراوەتەوە دەبێ ئەنجامی باش بێت.

*** ئاستی خولی کوردستان چۆنە؟**

- ئەم ساڵ ئاستی یانەکان زۆر باشە و ئاستی ئەم خولەش زۆر بەهێزە یانەکان بە گشتی بەهێزن و ئاستیان لێك نزیکە.

*** لەو بڕوایەی ئاستی یانەکەتان جێگیر بێت؟**

- پەنا بە خوا لە یارییەکانی داهاتوو ئاستمان باشتریش دەبێت.

*** بۆ چی لە خولی کوردستان هاندەران ناین بۆ بینینی یارییەکان بە پێچەوانەی خولی عێراق؟**

- خولی عێراق کۆمەڵێك یاریزانی ئەستێرەی بەناوبانگی تێدایە و ڕاگەیاندنەکان زیاتر گرنگی پێدەدەن لە خولی کوردستان.

*** کێ هاوکاری یانەی کەرکووك دەکات؟**

- دەستەی کارگێری یانەکە هاوکاری یانەکە دەکەن.

*** دوا وتەت بۆ گۆڤاری گوڵان؟**

- هیوادارم سەرکەوتووبن.